گۆڕانی زەرگەتەی پەیامێکی ئاراستەی سەرکی هەرێم کرد



بزوتنەوەی گۆڕان/ گردی زەرگەتەی پەیامێکی ئاراستەی سەرکی هەرێمی کوردستان کرد ،و داوای لێکرد دەست لەکاروباری ناوخۆی بزوتنەوەکەیان وەرنەدات و نەبێتە فاکتەری ناکۆکی و پەرتەوازەیی زیاتر.

بزوتنەوەی گۆڕان/ گردی زەرگەتەی لەگۆنکردنەوەیەکدا بۆ ڕاویکردەوە، دوێنێ بەرز سەرکی هەرێمی کوردستان، وەك نەریتی ساڵانە بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی لەپارت و لایەنە سیاسییەکان کردوە، بەڵام ڕاپۆیست بو سەرکی هەرێمی کوردستان ئاگادار بێت، کە لە ڕۆژی 13ی (نیسان)ی 2025ەوە لەسەر بنەمای یاسا و بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و فەرمانگەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ئەو کەسانە هیچ سیفەتێکی قانونی و ڕێکخراوەییان لە بزوتنەوەی گۆڕاندا نیە و نوێنەرایەتی گۆڕان ناکەن، تەنانەت خۆیان لە بەردەم هەمو کەناڵەکاندا بە ئاشکرا وتیان تا ئەنجامدانی کۆنفڕانسی نیشتیمانی ڕێکخەر نین".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەم کارە دەستوەردانی راستەوخۆیە لە کاروباری ناوخۆیی گەلان و لایەنگرییە لە گروپێکی لادەر لەدەستوری ناوخۆیی بزوتنەوەی گەلان، پێویستە سەرکی هەرەم پێش هەر کەسێکی دیکە ڕێز لە قانون بگرێت و دەستوەردان لە کاروباری گەلاندا نەکات و نەبێت بە فاکتەری ناکۆکی و پەرتەوازەیی زیاتر".

ئەوەشیخستەڕو، "هەموان دەزانن کە ساڵی رابردو بەهۆی خواستی دەستبەسەرداگرتن و دور لە بنەماکانی دیموکراسی و پێشێلکردنی زەقی دەستوری ناوخۆیی بزوتنەوەی گەلان بۆ شەش مانگ کەسێك بریکارنامەی بۆ کرایەوە، ئەو ماوەیە لە 13ی (4)ی 2025 کۆتایهاتوە".

بزوتنەوەی گەلان/ گردی زەرگەتە داواشیکردوە، "دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان نەبنە بەشێك لەکێشەکان و وەك دامەزراوەی حزبی بەکارنەهێنرێن بۆ دەستوەردان لە کاروباری پارتە سیاسییەکان".